# ئەسعەد حەمەساڵح :

## یەکەمین سەرەداوی دۆزینەوەی تەیمورلەلای من بوو.

## ساڵح پێیگوتم، ئێمە تەیمورمان هێناوسعودییەکانیش کچەکەیان برد .




شوێن : سلێمانی
کات : ٩ی سەرلەبەیانی
رۆژی ٢٢ی ئەیلول ٢٠١٤
دیدار : عومەر محەمەد

لەکاتێکدا ئەم پیاوە هەڵگری نهێنی تەیمور بوو کە سیخورەکانی عێراق لەهەمو شوێنێک خزابونە نێو ماڵ و فەرمانگەو ژیان وکاری عێراقی و کوردەکانەوە. بۆیە من هەمیشە رێزێکی زۆرم بۆ داناوەو زۆریش بەدوای سۆراخی ئەم پیاوەوە بووم، زۆر دەمپرسی وکەس هەواڵی نەدەزانی بەداخەوە کەسێکم نەدۆزییەوە کەبیناسێت، چەند جارێک لەگەل کاک فەرەجی تۆپخانە چومە گوندی کولەجۆ لەو سەردانەمدا دوجار سۆراخی کاک ئەسعەدم کرد، جارێکیان کاک رەوف مامی تەیمور پێی گوتم کە وابزانم لەژیاندا نەماوە سایەق گەلابە بووەو وەرگەڕاوە، من هەر ئەوکاتە ئەو هەواڵەم زۆر پێناخۆش بوو، چونکە هەستم کرد شایەتحاڵێکی گرنگمان لەدەستداوە، بەلام خۆشبەختانە هەواڵەکە راست نەبوو، کاک ئەسعەد ئێستا دۆستێکی زۆر خۆشەویستمە، کە دیمانەشم لەگەڵدا سازداوە هیچ ئازایەتیەکی منی تێدانەبووە، بەڵکو ئازایەتی خۆی بوو، چونکە من ئەوم نەدۆزییەوە بەڵکو ئەو منی دۆزییەوە ئەویش بەهۆی ئەوەی جارێک منی لەشاشەی تەلەفزیونەوە بینیوە، ئیتر کەوتووەتە هەوڵی دۆزینەوەم دوای پرسیاروگەرانێکی زۆر توانیبوی ژمارە تەلەفۆنەکەم بەدەست بهێنێ و تەلەفۆنی بۆکردم.

ئەسعەد کە یەکەمین کوردە سەرەداوی دۆزینەوەی کەوتووەتە دەست و مەردانە هەوڵیداوە بۆ هێنانەوەی بۆتەنیا جارێکیش بۆ هیچ رۆژنامەو میدیایەک بۆ هیچ رادیۆ و تیڤییەک قسەی نەکردووە، بۆهیچ بۆنەیەکی ئەنفال بانگهێشت نەکراوە، بەهیچ شێوەیەک هەوڵی نەداوە باسی ئەو قارەمانێتییەی خۆی و باوکی بکات، نەک هەر ئەو بەڵکو هەر یەکێک لەوان کە یارمەتی

دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵیانداوە، دەبوو لەلایەن حکومەت و وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە و ڕێکخراوەکانی جینۆسایدەوە ریزلێنانی تایبەتیان بۆ بکرایە.
کەچی بەداخەوە بۆ تەنها جارێک وەک ریزلێنانیش بیت وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان و ڕێکخراوەکان بانگیان نەکردوون، چایەک یان قاوەیەکیان لەگەڵ بخۆنەوە، جارێک لەجاران بانگهێشت بکرابانایە بۆ یادەکانی ئەنفال وکیمیاباران، نەخێر تاکە جارێک کە ئەسعەد ئامادە بووبێت هەرئەوجارە بوو کە من بانگهێشتمکرد بۆ پێشوازی لە دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ، ئەوکە لە پێنجوێنەوە هاتبوو، زۆرخۆشبەخت بووبەوەی کە لەو پێشوازییەدا بەدیداری تەیموریش ئاشنا دەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەوە روینەداو تەیموری نەبینی چونکە بە پیربانگهێشتەکەمانەوە نەهات، ئەم دیدارەی دەیخوێننەوە یەکەمین دیداری ئەسعەد حەمەساڵح حەمەئەمینە دەربارەی دۆزینەوەی تەیمورو هێنانەوەی بۆ کوردستان.

**کاک ئەسعەت بەخێربێیت تۆ وەک یەکێک لە هاوکارانی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵیت، گرنگە ئەوە بزانیت کە ئەم دیدارە بۆ بۆ رادیۆو تەلەفزیۆن نیە، بەڵکو بۆ گۆڤاری ئەنفالستانە، کەتایبەتە بە تاوانی ئەنفال وجینۆساید، بە هیوام لەم ژمارەیەدا بتوانین چاپ وبڵاوی بکەینەوە. هەڵبەت گرنگیەکەی لەوەدایە کە چاپ دەکرێت وەک بەڵگەیەکی مێژوویی دەمێنێتەوە، دەبوو من بهاتمایە بۆ پێنجوین بەلام سوپاست دەکەم کە ئەو ئەرکەت لەکۆڵ من کردەوە، دوبارە بەخێرهاتنت دەکەم .**

سوپاست دەکەم، کە بەدوای دۆسیێ ئەنفالەوەیت و باسی تەیمورت کردووەو منت لەبیر نەچووەتەوە.منیش ئێستا ئامادەم باسی ئەوە بکەم کەتەیمور چۆن هێنرایەوە بۆ کوردستان .

**پەلە مەکە باشترە ئەگەر لەسەرەتاوە، لەناوی خۆتەوە دەست پێبکەین و لەوێوە دەچینە ناو ئەو باسەوە ئێستا ئەگەرخۆت بناسێنی؟**

بەڵی منیش دوبارەسوپاست دەکەم

ناوم ئەسعەد حەمە ساڵح محەمەد ئەمین ئیسماعیلە.

**تەمەنت چەندە ؟**

لە دایکبووی ساڵی 1965م .

**لەکوێ نیشتەجێیت**

من لەبنەرەتد خەڵکی ناوچەی پێنجوێنم

**هەرلەبنەرەتەوە خەڵکی ناو پێنجوێن بوون یان دەورووبەری ؟**

نەخێر لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی قزەڵجەم. ئێستا دانیشتوی شارۆچکەی پێنجوێنم.

**واتا خۆاتان لەبنەڕەتەوە خەڵکی قزەڵجەن؟**

خۆم و باوکیشم لە شاری پێنجوێن لە دایکبووین، بەلام باوەگەورەم لە بنەرەتدا خەڵکی ناوچەی بێورییە، وەختی خۆی بەمەلایی هاتۆتە پێنجوێن، هەتا ئەو کاتەی زەعیم سدیق لە شەستەکاندا پێنجوێن دەسوتێنێت باوکم دەچێتە گوندی قزەڵجەو لەوێ نیشتەجێ دەبێت، هەتا ئەوکاتەی گوندەکان دادەگیرێن.

**دووجار گوندەکان داگیراون، جاری یەکەم لە دوای ساڵی 1976 دا بوو کە ئەو ناچەیەی ئێوە هێنران بۆ ناڵپارێزو شانەدەری، جاری دووەمیش کاتی ئەنفال بوو، کەبەیەکجاری گوندەکان داگیران و بران بۆ کۆمەڵگای نەسروباریکە !**

بەڵی راست دەفەرمووی لە جاری یەکەمدا بوو ئێمە هاتینە شانەدەری.

**لە قزەڵجە بەچیەوە خەریکبوون یان باوکت کاسپیەکەی چی بوو؟**

تا لە گوندبووین باوکم بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بژێوی ژیانی دابین دەکردین، بەڵام دوایی کە داگیراین و هاتینە موجەمەعی شانەدەری لە بەستەنە خەڵکیان دادەمەزراند باوکم یەکێک بوو لەو کرێکارانەی کە حکومەتی دایمەزراندن وەک کرێکار. هەموو رۆژێک بەسەیارە دەیانبردن بۆ لای کانی پانکەو ئەوانە ئیتر باوکم هەتا خانەنشین بوو هەر بەوکارەوە مەشغوڵبوو.

**ئەوکرێکارانە بوون کەپێیان ئەوتن بەتاڵە ؟**

بەڵێ بەتاڵە دەمخۆش .

**تاساڵی چەند لە شانەدەری بوون؟**

تا ساڵی 1987 لەوێ بووین، پاشان شانەدەری بە هۆی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە چۆڵکرا لەگەڵ سەیدسادق و ئەوناوچانەی دەوروبەری ئێمەش چوینە کۆمەڵگای نەسر.

**باوکت بەکێ ناسراوە ؟**

حەمە سالحی مەلا حەمە ئەمینی قزڵجە

**ئێستا تۆ چ کارێک دەکەیت؟**

من کاسپی خۆم دەکەم.

**مەبەستت کاری سەربەستە ؟**

بەڵێ

**من وامزانی تۆ فەرمانبەری ؟**

نا مەعاشی حکومیم نیە وە حەزیشم لەئیشی حکومەت نیە.

**ساڵی چەند گیرای بەعەسکەر؟**

لە 1988/11/11 بۆیەکەمجار گیرام بەعەسکەر.

**تۆ درەنگ نەگیراوی بەعەسکەر ؟**

بەڵێ من بەهۆی خوێندنەوە خزمەتی عەسکەریم درەنگ کەوت.

**ئاستی خوێندەواریت چەندە چیت خوێندوە؟**

من تا شەشی ئامادەیم خوێندوە لەئامادەیی ئەحمەد موختاری جاف دەمخوێند، بەڵام بەهۆی ئەو وێرانکارییەی لەهەڵەبجە رویداو هەموومان بەچاوی خۆمان بینیمان، منیش لە دوای وێرانکردنی هەڵەبجەوە نەمتوانی بخوێنم و شەش تەواو بکەم.

**دواتریش هەر ئامادەیت تەواو نەکرد ؟**

نەخێر کەلەشەش دابرام نەچومەوە تەواوم نەکرد .

**ئێستا ئارەزووناکەیت خوێندنەکەت تەواوبکەیت؟**

وەڵڵە کاک عومەر ئەوەی راستی بێت، ئەوکاتەش حەزم لیی نەبوو باوکم بەزۆر دەیناردم. ئەگەر وەڵامی راستیت دەوێ نەخێر.

**هاوسەرگیریت کردووە ؟**

بەڵێ ساڵی 1992 هاوسەرگیریم کردووە.

**چەند منداڵت هەیە ؟**

چوارمنداڵ دوو کوڕو دوو کچ .

**لەماڵەوە چەند خوشک وبرا بوون ؟**

حەوت خوشک و برا بووین .

**برا و خوشکەکانت ناویان چییە؟**

براگەورەکەم ناوی فاتیح من ئەسعەد وە لەمن بچوکتر مەسعود وە چوارەمیان ناسیح، وە سێ خوشکم هەیە بەناوەکانی ئاسیا و ئامین و ئافتاو.

**کەواتە ئێوە خێزانێکی قەرەباڵغ بوون.**

بەڵێ خێزانێکی نۆ نەفەری بووین .

**هەمویان بە چیرۆکی تەیموریان دەزانی؟**

بەڵێ تەیموریشیان بینیبوە، چونکە هاتبو بۆماڵەوە.

**یەکەمجار کە ناردیانیت بۆ خزمەتی سەربازی لەکوێ دەستی پێکرد ؟**

با بۆت باس کەم من چۆن گیرام بەسەرباز، ئەوکاتەی لە هەڵەبجە ڕزگارمان بوو، هاتینە موجەمەعی شانەدەری لەوێ زۆرنەماینەوە وهاتین بۆموجەمەعی نەسر، لەوێ بووین کەحکومەت بڕیاری (736-737)ی دەرکرد، لە سەرەتاوە کوردەکان بەوبڕیارە لە خزمەتی سەربازی دەبەخشران یان عەفوودەکران، منیش تەماح گرتمی و ئەوم بەهەلزانی چووم بۆدائیرەی تەجنیدی عەربەت، دەفتەرخدمەکەم لەوێ تەسلیم کرد، لە تەجنید پێمیان گووت ئەمرۆ بڕۆرەوە بەلام سبەینێ وەرەوە. ڕۆژی دوایی سەعات 10 ڕۆیشتمەوە دەفتەر خدمەکەم وەرگرتەوە، کە کردمەوەو سەیرم کرد 36 مانگ خزمەتیان بۆنوسیبوم، بە ناچاری هاتمە بۆ ماڵەوە جانتایەک وکەل وپەلم کڕی وڕۆژی دواتر سواری ئۆتۆمبیل بووم چوم بۆ سلێمانی، لەوێشەوە سواری سەیارەبووم چوم بۆ ناوەندی مەشقی ڕاهێنانی سەربازی لەموسڵ، (مرکزتدریب موصل) لەوێش جلی سەربازیم وەرگرت، وتیان بڕۆ 3 ڕۆژ لەماڵەوە پشووبدە، منیش ئەوشەوە لەوێ مامەوە ڕۆژی دوای ئەوە دیسان هاتمەوە بۆکۆمەڵگای نەسر (نصر) دوای ئەوەی پشوەکەم تەواو بوو گەڕامەوە بۆ موصل.

**ببورە لەموسڵ کۆمەڵێک سەربازگە هەبوون، وەک زیقار، سەلامیەو فائیدەو عەینزالە؟**

ڕاست دەفەمووی من هەرلەمەرکەزتدریبی موسڵ بووم لەسەر ڕێگای بەگدا، لەوێ مانگێک مامەوە دوای ئەوە ناردمیان بۆ مەرکەز تەدریبی فائیدە ، لەوێ فیرقەی مدرعەی 12 بەشی پیادە، لەوێش 3 مانگ مامەوە دوای ئەوە فەرمانی گواستنەوەم هات وتیان بڕۆرەوە هەفتەیەک لە ماڵەوە بمێنەرەوە دوای ئەوە کەهاتیتەوە نەقڵ دەکرێیت.

**نەتزانی بۆکوێ ؟**

ناپێیان نەگووتم

دوای هەفتەیەک مانەوەم لە ماڵەوە، کە گەڕامەوە فەرمانی گواستنەوەکەم دەرچوبو بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران، باش بوو لەو گواستنەوەیەدا چوار کەس کورد بووین بەمنەوە.

**کوردەکان کێ وکێ بوون ؟**

ئەوان ناوەکانییان ؟

**بەڵی مەبەستم ناوییان بوو .**

(عەباس) بوو کە ئێستا لە چەمچەماڵ دائەنیشێت، (وەلید) کە ئێستا لە کفری دائەنیشێت (صباح حەسەن)یش بوو ئێستا لێرەیە لە سلێمانی دوکانی کارەبایی هەیە.

**ئەگەر بکرێت ناوی باوکی ئەوکەسانەم پێبڵێیت؟**

بەداخەوە ناویی باوکیانم بیرنەماوە بەلام ناوی باوکی عەرەبەکان هەمویان دەزانم. کە گەیشتینە جێ شەوبوو، زستانێکی سارد بوو بەفرێکی زۆر باری بوو، زۆر نارەحەت بوو ئەو شەوە لە مقەر فەوج هێشتیانینەوە وتیان کە بەیانی هەستان دابەشتان دەکەین بەسەر سریە و فەصیلەکاندا، کە ڕۆژ بووەوە سەعات 9 بانگیان کردین منیان ناردە سریەی 3 فەصیلی 2 . ئامرسریەکەمان ملازم (شەیبان)ی ناوبوو خەڵکی موصل بوو، کە چومە ئەوێ 6 کەسی عەرەبی لێبوو چواریان خەڵکی ناصریە بوون، ئەم ناوانە بوون (یاسرمریج – سەلاح فیاز– توفیق عبدالامیر – عدنان داود ساڵح) کوڕێکی تری لێبوو ناوی (حلیف فلیح عبدالله) بوو، ئەویش خەڵکی بەغداد بوو کوڕێکی تریشی لێبوو

ناوی (ساڵح سهل عەیشەم) ئەوە ئەو کورە بوو کە تەیمور لەماڵیان بوو، من بۆماوەی ساڵێک لەوێ لەگەڵیاندا مامەوە .

**ئەمە لەنێوان ساڵانی 1989 بۆ 1990 ؟**

بەڵێ، ماوەی ساڵێک لەگەڵ ئەو سەربازە عەرەبانەدا مامەوە، لەوماوەیەدا پەیوەندییەکی زۆرباشم هەبوو لەگەڵیاند بەتایبەتی لەگەڵ ساڵح دا پەیوەندییەکی زۆربەهێزم هەبوو، هەقیقەت ساڵح کوڕێکی زۆر بەئەدەب وبەڕێز بوو، زۆریش ڕێزی لێدەگرتم و زۆرخۆی لێنزیک دەکردمەوە، دوایی دەرکەوت ئەومەرامێکی بەمن هەبوو شتێک لەدڵیدا بوو دەیویست بەمنی بڵێ، بەڵام من ئاگاداری ئەوە نەبووم، کوڕێکی زۆرباش بوو، زۆریش پابەندبوو بە ئاینەوە ئەوەندە باش بوو نەزمان دەتوانێ بیڵێت نە قەڵەمیش دەتوانێ بینوسێت، پێموابێت حاجی ئۆمەران ساردترین شوێنی کوردستانە کە لە 12 مانگەکەی ساڵدا 10 مانگ بەفری پێوەیە ،ساڵح هەرسروشتی وابوو زۆر زوو لەخەو هەڵدەستا بڕوا ناکەم هیچ ڕۆژێک دوای نوێژی بەیانی نوستبێتەوە، لە ڕۆژوو گرتنیشدا زۆربە توانابوو .

**لەبەرئەوەی زۆرپابەندبوو بەدینەوە بۆیە زۆرخۆشت دەویست ؟**

نەخێر تەنها ئەوە نەبوو بەڵکو کوڕێکی زۆر باش بوو زۆر خزمەتی کردم بەقەد برایەک خزمەتی کردوم لەو مەلجەئەشدا یاتاغەکانمان بە تەنیشت یەکەوە بوو، لەماوەی ئەوساڵەدا کە پێکەوە بوین سەرباری ئەو پەیوەندییە بەتینەشمان، هیچ شتێکی بەمن نەوت، بەڵام کە وەرزگۆڕاو ماوەیەکی تر پێکەوە بووین " ئەوکاتە وەرزی بەهار" بوو جەنگ تەواو ببوو، شەڕی ئێران عێراق وەستابوو، هێزی عێراقی پشویەکیدابوو، ئێمە لەسەر شاخێک بووین پێیان دەگوت سیاکۆ بەسەر شاری ڕەزایەی ئێراندا دەیڕوانی، کە ڕێکەوتنەکە ڕویدا سوپای عێراقی پێیان خۆش بوو، کۆمەڵێکیان تەسریح بوون، ئێمەشیان هێنایە بەشی دواوە، شوێنێک بووسەکۆیەک بووسەوزایی وئاوی زۆری لێبوو، شوێنیان بۆ دیاری کردین و گوێنی وچینکویان پێماندا. دیسانەوە (ملجآ) ژێر زەمینمان دروست کرد، لەوێ پشویەکماندا، ڕیواس وکوزەڵەی لێبوو، ئێواران دەرۆیشتم دەمهێنا عەرەبەکان پێیان دەگووت (فجل کوردی) واتا توری کوردی (ڕەئیس عرۆفا)[1] یەکمان هەبوو ناوی (علی عوبێد مەزلوم) بوو، عەلی خەڵکی حلە بوو (مقرسریە) بارەگای سرییەکە لە بەردەممماندا لە چاڵێکدا بوو، ئێمەش بەسەر شوێنێکی بەرزەوە بووین پێیان دەگوتم موختاری کوردەکان (مختار الاکراد) .

**بۆچی وایان پێدەگووتی ؟**

لەبەرئەوەی عەرەبیم باش دەزانی ئەویش بەهۆی ئەوەی هەتا قۆناغی شەشی ئامادەییم خوێندبوو شەش سەربازی عەرەبم لەگەڵدا بوو، کەسیش نەبوو بەکوردی قسە لەگەڵدا بکەم بۆیە بەباشی فێری زمانی عەرەبی ببوم لە سەدا شەست قسەم پێدەکردو لەسەدا هەشتاش تێدەگەشتم .

ئێوارەیەکیان دوای سەعات (3)ی عەسر ڕەئیس هاتە سەرەوەو بانگی کردم وتی کاکە ئەسعەد ؟ وتم بەڵێ گەورەم بە زمانی عەرەبی ووتم (نعم سیدی) ئەویش وتی (بلازحمە روح جیبنا شویە فجل کوردی) بەکوردییەکەی واتا ( بێزەحمەت بچۆ تۆزێک توری کوردیمان بۆبهێنە) منیش وتم بەسەرچاو کە هەستام ویستم بڕۆم ساڵح وتی کاکە ئەسعەد منیش ئەتوانم لەگەڵتدا بێم؟ منیش وتم ئا بۆ نا زۆرئاساییە و زۆریشم پێخۆشە، ئیتر ڕۆیشتین هەروا سەد مەترێک دورکەوتبوینەوە کە گەشتینە گوێ چەمێک، ساڵح وتی کاکە ئەسعەد من نهێنییەکی گەورەم لایە ساڵێکە لەدڵمدایەو دەمەوێ پێت بڵێم، منیش وتم فەرموو، ساڵح درێژەی بەقسەکانیدا، ووتی چونکە ئێستا چومەتە ناو ناختەوە و لێت تێگەشتوم بەبێ هیچ کێشەیەک، وتم هەرچیەکە هەرنهێنیەکت لەلابێت مەگەر گڵ لێم ببیستێت، ووتی ڕەنگە تۆیارمەتی دەرێکی باش بیت، منیش ووتم هەرچی لەتوانای مندابێ یارمەتیت دەدەم.

---

[1] لەسوپادا پلەیەک هەیە بەناوی عەریف، بەلام لە یەکەسەربازییەکاندا جێگری ئەفسەرێک دەکەن بەبەرپرسی کارگێڕی سەربازو عریف ونائب ضابط و پێی دەڵێن رئیس عروفا یان سەرۆکی عەریفەکان . ئەم پۆستە زیاتر دەوری چاودێری سەرپرشتیار دەبینێت.

وتی منداڵێک لەماڵی ئێمەیە لەئەنفالکراوەکانە و ئێمە دۆزیومانەتەوە ، وتم چۆن دۆزیوتانەتەوە؟ ناوی چییە ؟ وتی ناوی تەیمورە، وتم چۆن ئەویش وتی ئێمە لەگەڵ خەڵکی سعودیە کڕین وفرۆشتنی وولاخ دەکەین، ئێوارەیەک وولاخمان برد بۆسنوری عێراق وسعودیە کەگەشتینە ئەوێ تاریک ولێڵ بوو، نیوسەعاتێک دەبوو، بانگی شێوانی دابوو بەچاو دەتتوانی سەد مەتر بۆ دوو سەد مەترێک ببینی لەوێ چاوەڕێمان دەکرد تاسعودیەکان گەیشتن، دوای بەخێرهاتن و هەواڵ پرسی لە تەنیشتمانەوە لای سەرەوەمان سەگوەڕێکی زۆر پەیدا بوو، هەروا بەخەیاڵماندا و بەسعودیەکانمان وت ئەرێ بۆ نەچین بزانین ئەو سەگ وەڕە چییە، ؟ کە ڕۆیشتین تەیمور بەرەو ڕومان دەهات، بەهەموی پەنجا مەترێک لە چاڵەکان دوورکەوتبووەوە کە چوینە پێشەوە منداڵێکمان بینی جەستەی شێواوە، شلەژاوو ترساوە، بریندارەو دوو فیشەکی پێوەیە، کچێکی بچوکیش لە چاڵەکە هاتۆتە دەرەوە و لای سەرویەوەیەتی، وتی ئەویش بریندابوو، بەڵام نەمزانی چەند فیشەکی پێوەبوو ئەویش هەربەپێی خۆی دەهات

**واتا ئەوان ئەو کچەکەشیان بینیوە کەوا تەیمور باسی دەکات ؟!**

بەڵێ، سعودیەکان لەگەڵ خۆیان بردبویان ، ئەی مەگەر بۆم باس نەکردیت ؟ [2] (دەمەوێ شتێکت پێبڵێم کات زۆردرەنگە بۆگێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، وەکو جەنابت دەڵێیت دەبوایە ساڵی (1991 – 1992) باسم بکرایە.

**ئەوە ڕاستە من ویستم لە دەرفەتێکیتردا ئەو پرسیارەت لێ بکەم بۆچی قسەت نەکردووە، بۆچی ئەم چیرۆکە گرنگەت لەلای خۆت هێشتووەتەوەو باست نەکردووە؟ بەڵام باجاری هەر باسی ئەوکچە بکەین .**

کچەکە هیچی تری لێنازانم ئەوەندە نەبێ کە سالح ووتی سعودییەکان لەگەڵ خۆیاندا، بردویانە.

**بەڵام تەیمور بەشێوەیەکی تر باسی کردووە، هەم بومێدڵ ئێستڤ چ وهەم بۆکەنعان مەکییەو هەم بۆ عارف قوربانیش، ئەو دەڵێت کچەکە زیندوو بووە بەڵام پیمووتووە با ڕاکەین ئە وتوویەتی ناتوانم لەسەربازەکان دەترسم. ئەوەی ساڵح بۆتۆی گێڕاوەتەوە تارادەیەک جیاوازەو گرنگیشە ؟**

مادام وایە باقسەکانم تەواو بەکەم

**فەرموو .**

ساڵح وتی کە ڕۆیشتین سەیرمانکرد، چاڵ هەڵکەنرابوو، هەموو چاڵێک دوو کەسی تێدا بوو، نەک وەکو خەندەق بەڵکو وەک چۆن نەمام دەنێژیت بەتەنیشتی یەکەوە ، دوو سەد و پەنجا چاڵمان ژمارد هەرچاڵەی دووکەسی تێدابوو تەنها ژن ومنداڵی تێدابوو، نەپیاو نەکوڕی گەنج نەکچی گەنجی تێدا نەبوو.

**ئەی ووتی کە ئەوچاڵانە دانەپۆشرابوون ؟**

وتی دانەپۆشرابوون، بە تەیمور وئەو کچەوە پێنج سەد کەس بوون چوارسەد ونەوەد وهەشت کەسیان مردبوون تەنها ئەو دوانە زیندوو بوون، سعودیەکان کچەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو بۆ سعودیە، کاک ساڵح وبراوامەکانیشی تەیموریان هێنابوو بۆماڵ بۆ ژێردەوارەکە بۆیە لەتۆمارکردنی مێژوودا پێویستە زۆروورددبین.

**بێگومان ئێستا منیش ویستم بێت بڵێم ڕەنگە پێویست کات زیاد لەدە جار چاوپێکەوتنت لەگەڵدا بکەمەوە بۆ ئەوەی نەوەک شتێکت بیرچێت!**

[2] ئەسعەد بەرلەوەی کامێرای بۆدابنێم باسی ئەوەی کرد، کە ئەوکچەوا تەیمور باسی دەکات بەجێی هێشتووەو ئەو نەیوێراوە بێتە دەرەوە ئەویش خۆی لەچاڵەکە هاتووەتە دەرەوە ساڵح تەیموری هێناوەو سعودیەکانیش کچەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە بۆ سعودیە، بەڵام من لەدیمانەکەمدا واخۆم پیشاند کە ئەوبابەتەم نەبیستووە.

بۆیە ئەوە دەڵێم جارێک لە کەناڵی پەیام ئاگام لێبوو ڕۆژنامەنوسێک پرسیاری لە عارف قوربانی دەکرد دەربارەی دەرباز بوونی تەیمور، ئەویش باسی لەوە دەکرد کە تەیمور لە چاڵەکە هاتۆتە دەرەوە بە بریندارى دوو سەعات سەیارە بەبیاباندا بڕوات تەیمور ئەوەندە بەپێ بەبیاباندا ڕۆیشتووە، لۆژیک نیە منداڵێک کە هێشتا خەتەنە نەکرابێت دوو فیشەکی پێوەبێت لە بیابانی نێوان عێراق و سعودیەدا بتوانێت بەپێ بڕوات، ئەمە تاوانی عارف قوربانی نیە بەڵکو تاوانی بەرپرسەکانە دەبوایە کە گەڕایەوە لێیان بپرسیایە تۆچۆن ولە کوێوە هاتوویت وکێ تۆی هێناوەتەوە. بەس سودی چییە کە جەنابت دەڵێت ساڵح لەژیاندا نەماوە(بەراستی ئێشم پێگەیشت) ئەگەر بمایە دەمانتوانی قسەی لەگەڵدا بکەینەوە بۆ ڕاست ودروستی و دڵنیام شتی زیاتری پێدەگوتین .[3]

**بەڵێ زۆر بەداخەوە، بەلام نەتزانی ناوی کچەکە چی بووە ؟**

نەخێر، باسیان نەکرد تەنها وتی کوڕ و کچێک بوون ئێمە کورەکەمان هێناوە وسعودیەکانیش کچەکەیان بردووە، ساڵح وتی: کە هێنامانەماڵەوە تەیمور دوو فیشەکی پێوە بوو، وتمان خوایە ئێمە جی بکەین بۆ ئەوەی حکومەتی بەعس پێمان نەزانێت؟ خۆت دەزانی ئەوسەروەختە حکومەتی بەعس چ درندەیەک بوو؟ ئیتر وتی هەستاین (میرۆمان) بۆدروستکرد لە باخەکەداماندا .

**تکایە قسەکەت بیرنەچێتەوەو میرۆ چییە؟**

میرۆ لای خۆمان پێی دەڵێین (جۆلانە) .

**بەڵێ سوپاس فەرموو بەردەوام بە .**

ئیتر وتی بیرۆمان بۆ کردو دکتۆری تایبەتیمان بۆدابین کرد، ووتی ئەوکاتە تەیمور خەتەنە نەکرابوو، لای خۆمان خەتەنمان کردووە، وتی ئەوکوڕە ناوی تەیمورە بەڵام ئێستا گۆڕیوومانە بە (عەلی) ساڵح ئەوکات بەمنی وت ئێستا چاک بۆتەوە، گوتی کوڕێکی جوانی لێدەرچووە، ئێستا هەستی ئەوەی بۆپەیدا بووە کەکەسوکاری هەیە وبیریان دەکات.

**هەستت چۆن بوو کە گوێ بیستی ئەو قسانە بوویت ؟**

وەلا خەریک بوو ئاگرم تێبەردەبوو، بەڵام چیم لەدەست دەدا ئەوکات تەلەفۆن نەبوو، دەبوایە من هەموو جارێک (٢٨) بیستوهەشت ڕۆژ لە سەربازگە لەگەڵ ساڵح بم دوای ئەوە حەوت ڕۆژ دەڕواتەوە بەمۆڵەت (ئیجازە) دەکاتە سی وپێنج ڕۆژ تا جوابێک بۆ من دەهێنێت، وتم پێی بلێ بزانە کەسێکی خۆی بیرناکەوێتەوە ؟ وتی ئەمجارە کە ڕۆیشتمەوە بزانم کەسێکی نایەتەوە بەبیردا تا بەتۆی بلێم تۆش بەشوێنیدا بگەڕییت

**تۆ ڕاستەوخۆ لەوێ ئامادەییت پیشاندا هاوکاری بکەیت ؟**

بەڵێ ، وتم تەنها ئەو تەنها کەسێکی دوور یاخود نزیکی خۆی بەبیر بێتەوە و ئەوەی تری لەسەمن لەبن عەرزدابێت بۆی پەیدادەکەم ئەوەی لە تواناى مندا بێت دەیکەم.

**لەو سەردەمەدا حکومەتی بەعس لە بارودۆخێکی زۆر دڕندانەدا بوو ئایا تۆ نەدەترسایت ؟**

ترسم هەبوو بەڵام بە ڕادەیەکی زۆر نا. چونکە بابەتەکە پارێزراو بوو وە ساڵح بۆخۆی زۆر حەزەری دەکرد ئەگەر شتێک ڕوی بدایە بۆ هەردوکمان نارەحەت بوو بەتایبت بۆ ساڵح

**پێشبینی شتێکت دەکرد ؟**

پێشبینیم دەکرد بەڵام بەلێنم بەساڵح دابوو، چونکە ئەو زۆر باش بوو لەگەڵم ئەگەر لەناویش بچومایە ئاسایی بوو بەلامەوە ، ساڵح ڕۆیشت وهاتەوە وتی تەیمور دەڵێ کۆمەڵێک خزمم هەیە لە کەرکوک

[3] لە بارەی مەرگی صاڵحەوە راستیەکەی بەدحاڵی بوونێکی من بوو، کە لە میوانداربییەکدا لەگەڵ خاتو ئەنعام فالح السفاح کە کچێکی ماڵی ئال ئعێشم هاتبوو بۆ ماڵی ئێمە باسی تەیمورو خانەوادەکەیمان کرد، لە میانەی ئەو گفتوگۆیەدا واتێگەیشتبووم کە وتوویەتی ساڵح لەژیاندا نەماوە، بەلام دواتر کاک تەیمور لەرێگەی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە تێگەیشتنەکەمی پشت راست نەکردەوەو جەختی کردەوە کە صاڵح لەژیانداماوەو منیش مژدەی ئەوەم دایە بە کاک ئەسحەد کە من هەڵەم کردووەو کاک صاڵح لەژیانداماوە، چونکە من بەو هەواڵە هەڵەیە زۆر ئازرمدا بوو.

بەڵام ناویان نازانم ،ئێ کاک عومەر خۆکەرکوکیش شارێکی گەورەیە گوندکی بچوک نییە، بەهەر حاڵ، 35 ڕۆژ چاوەڕێم کرد تا ساڵح ڕۆیشت و گەڕایەوە، ئەمجارە وتی تەیموردەڵێ ماڵی پورومامم هەیە بەڵام نازانم ئێستا لە کوێن نایەنەوە خەیاڵم ، لەبەرئەوەی تەیمور بەمنداڵی گیرابوو بائەوە بزانیت من کاتێک چووم بۆلای تەیمورکوردی نەدەزانی بەعەرەبی قسەی دەکرد، 35 ڕۆژی ترچاوەڕێم کرد تا ساڵح هاتەوە ووتی ناوی پورێکی بیرکەوتۆتەوە دەڵێ ناوی سەعدیەیە ماڵیان لەسەرقەڵای کفریە ، منیش چاوەڕێم کرد هەتا 28 ڕۆژی دەوامەکەی خۆمم تەواو کرد، گەڕامە بۆ ماڵەوە، باوکمم ئاگادارکردەوەو پێمووت: باوکە تەیمور ماڵی پورێکی بەبیرهاتۆتەوە دەڵێ ناوی سەعدیەیە ماڵی لە سەرقەڵایە بۆ ڕۆژی دوایی باوکم سەعات هەشت چوو بۆ زەڕایەن لەوێشەوە چوو بۆ سەرقەڵا ماڵی سەعدیە دەدۆزێتەوە کە دەچێتە ئەوێ تەنها پورەکەی لەماڵەوە دەبێت مێردەکەی لەوێ نابێت ، بە باوکم دەڵێ فەرموو حاجی بۆچی هاتویت؟ ئەویش دەڵێ خوشکێ بۆ پرسیارێک هاتووم تۆ برازات هەیە ناوی تەیمور بێت ئەویش دەڵێ بەڵێ بەڵام ئەنفالکراوە لەگەڵ باوکی ودایکی وسێ خوشکی باوکیشم پێی دەڵێ دەی تەیمور لە ژیاندا ماوە، پورەکەشی دەچێتە بارودۆخێکی ترەوە، بڕوا دەکات وبڕوا ناکات.

**خۆشی وناخۆشی و شۆک تێکەل دەبن .**

بەڵێ ڕێک ئاوایە باوکم پرسیاری لێدەکات و پێی دەڵێ تەیمورمامی نەماوە؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ وەڵلە سێ مامی ماون کە دەکەنە برای من، یەکێکیان ناوی ڕۆوف و حەمەسەعید، دوای ئەوە لەگەڵ باوکم دەچن بۆ کەلاربۆماڵی مامەکانی تەیمور، بۆیان باس دەکات و ڕێزێکی زۆر لە باوکم دەگرن و مامێکی بەناوی حەمەسەعید دەڵێ لەگەڵت دێم بۆ ئۆردوگای نەسربۆ ئەوەی چاوم بە ئەسعەد بکەوێت وتبووی دەمەوێت دڵنیابمەوە، بانگی عەسر بوو لە نەسر لەبەردەرگای ماڵەوە دانیشتبوم باوکم هاتەوە پیاوێکی لەگەڵدا بوو من نەمزانی ئەو پیاوە مامی تەیمورە تا نەهاتنە لام.

**بۆماوەی چەند ڕۆژ (ئیجازە) مۆڵەت بوویت ؟**

بۆماوەی حەوت ڕۆژ، ئەوکاتە هەر حەوت ڕۆژبوو.

**ببورە کەمامی تەیمورهات چیی پیتووت ؟ پرسیاری چی لێکردیت ؟**

کە هاتنە ژورەوە بەخێرهاتنم کرد، باوکم وتی ئەمە مامی تەیمورە زۆرم پێخۆش بوو، ئیتر من چۆن ئێستا بۆتۆی دەگێڕمەوە ئاوا هەموو شتێکم بۆئەویش گێڕایەوە، پێموت تەیمور دۆزراوەتەوە بەڵام ئێستا ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە چۆن بیهێنینەوە. ئیترمامەی هەرچاوی لەدەمی منەوە بوو.

**تۆ یەکەمجار هەموو شتێکت بۆ باوکت باسنەکردبوو ؟**

بەڵێ لەیەکەم ڕۆژەوە ئەمەم لەگەڵ باوکم تاوتوێ کردووە.

**ئەی بۆچی مامی تەیمور هاتبوو؟ دەیویست خۆت ببینێ و زیاتری بۆ باسبکەیت هەر بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیابێت ؟**

بەڵێ بێگومان هەربۆ ئەوەبوو .

**کەواتە تۆ تەواو دڵنیابوویت ؟**

بەڵێ من زۆر باوەڕم بەساڵح هەبوو

**لەوکاتەدا لەگەڵ ساڵح کە چون بۆ کوزەڵە هێنان ئەو هەمووشتێکی دەربارەی تەیمور پێوتیت ؟**

بەڵێ هەرئەوکاتە کە چوین بۆ کوزەڵە هێنان و دوای ئەوەش ئیتر شەوانە دوو سەعات پێکەوە حەرەسیاتمان دەگرت ئێمە هەر پێکەوەبووین، چونکە دەبوو سەربازێکی کورد و سەربازێکی عەرەب پێکەوەبن و ماوەی پانزە ڕۆژ باسی ئەوەمان دەکرد مراقەبەمان لەسەرنەبوو، لەبەر ئەوەی زۆر برادەربووین، ترسمان لەوە نەبوو شەڕی عێراق ئێرانیش وەستابوو بارودۆخەکە ئارامتر بوو.

**کە مامی هات بۆ ئەوێ تۆ ئەمانەت پێوت ئەو هەستی چۆن بوو ؟**

وەک هەر کەسێکی تر ئاسایی بوو ، وتی چۆن تەیمور بهێنینەوە وتم ناتوانین تەیمور بەو ئاسانییە بهێنینەوە چونکە دەبێ (ئیجازە) مۆڵەتەکەم تەواو بکەم، لەگەڵ ساڵحدا ئەم گۆڕانکاریە تاووتوێ بکەم و پێی بڵێم کەسوکارەکەیم دۆزیوەتەوە، ساڵح بچێتەوە بۆ سەماوە لەگەڵ کەسوکاری خۆی قسەبکات، بەوریاییەوە ئەم کارە بکرێت، چونکە ئەم منداڵە بەدەست هەرکەسێکەوە بگیرێت بنەماڵەکەش لەناودەچێت، ئەوەی پەیوەندی بەم منداڵەوە هەبێت حکومەت لەسێدارەی دەدا هەرواش بوو، ئەوکاتە خۆت دەزانی حکومەتی بەعس چەندە دڕندە بوو . کە گەڕامەوە چوومەوە بۆ سەربازگەکە، بۆ بەیانی لەگەڵ ساڵح دانیشتین پێمگووت، پوری ومامەکانیم پەیاکردووە، ووتی زۆر باشە کەواتە بامنیش بڕۆمەوە بەتەیموورەدڵێم. ئیتر لەوێ پانزە شەو بەیەکەوە ماینەوە و ئەو سەرەی مۆڵەتی هاتەوەو، وەرقەی مۆلەتەکەی وەرگرتوو ڕۆیشتەوە بۆ سەماوە، لەوێ بەتەیموری ووتبوو کە برادەرە کوردەکەم مامەکانت و پورتی دۆزیەوەتەوە با بڕۆمەوە لەوێ لەگەڵ ئەسعەدا ڕێکدەکەوین کە چۆن تۆ بگەڕێنینەوە بۆلای کەسوکارەکەت .

**ئینجا کەسوکاری ساڵح بەنیازبوون هەر یەکسەر تەیمور بیگێڕنەوە بۆیان یان هەر بەسەردان بچێتەوە بۆلایان و داتر بێتەوەو لەوێ بمێنێتەوە؟**

نەخێر ئەوان بەنیازی ئەوەبوون یەکسەر بیگێڕنەوە بۆیان، بەڵام ئەوە هەربەو ئاسانیە نەئەبوو.

**بەڵێ بێگومان کارێکی ئاسان نەبووە .**

ساڵح حەوت ڕۆژەکەی تەواوکردو هاتەوە ووتی ئەسعەد تۆ هەوڵبدە مۆڵەتەکەی خۆت بخەرە ڕۆژێک کە لەوەجبەیەکدا پێکەوە دابەزین بۆئەوەی من لەگەڵ تۆدا بێم بۆکۆمەڵگای نەسر لەوێ باوکت ومامەکانی لەگەڵ خۆمان هەڵبگرین و بچین بۆسەماوە.

**ئەتانتوانی ئەوە بکەن ؟**

نا بەداخەوە نەمانتوانی، چونکە هەوڵمدا و چووم بۆلای ملازم شەیبان ئەوەی کە وتم خەڵکی موسڵ بوو، زۆر ڕێزی دەگرتم، پێمگووت دەمەوێ ئەم وەجبەیە لەگەڵ ساڵح دابەزم، بەڵام ئەو گووتی تۆ ئەتوانی خۆت دوابخەیت و دوو وەجبە نەچیتەوە کە دەکاتە پەنجاوشەش شەو بەڵام ناتوانم بتانخەمە پاڵیەک، چونکە لە مەوجوداتی سەربازی دەبێت هەموو مانگێک لەحەوت ڕۆژەکەدا ئەوی کەئەڕواتەوە بڵێم بیست کەس ڕۆیشتووەو شەست کەس مەوجوداتم هەیە شەست کەس ئامادەیە، بەڵام کەتۆ ڕۆیشتییت لەگەڵ ساڵح دا کەسێک کەم دەبێت لە مەوجوداتا بۆیە داوای لێبوردن دەکەم ناتوانم ئەوە بکەم چونکە من بەرپرسیار ئەبم.

**بەڵام نەتان ئەتوانی بەدیلێک دابنێن لەبری یەکێکتان ؟**

لەوانەیە بکرایە بەس نەهات بەخەیاڵماندا لەوکاتەدا ، پاشان نەیان هێشت ئەوە بکەین ئیتر من گەڕامەوە ماڵەوە بە باوکم ووت ناهێڵن من وساڵح بەیەکەوە مۆڵەت وەرگرین، بەڵام ئەم سەفەرە کە گەڕامەوە ساڵح دادەبەزێت بە مۆڵەت وەناونیشانی ماڵی خۆمان دەدەمە ساڵح و ئەویش بابێتە ئێرە بۆ نەسرو ناگەڕێتەوە بۆسەماوەو تۆ لەگەڵ خۆیدا ئەبات بۆلای مامەکانی ئەوانیش لەگەڵخۆیدا ئەبات و هەمووتان پێکەوە دەچن بۆسەماوە. ووتی باشە تۆ بڕۆرەوە من چاوەڕێی ساڵحم. گەڕامەوە بۆ ئەوێ دە پانزە شەوێ لەواجب بووموو ساڵح ئیجازەی وەرگرت ووتی ئەسعەد ناونیشانی ماڵی خۆتانم بدەرێ من دەچم بۆ ئەوێ، ووتم باشە نەخشەکەم بەم شێوەیە بۆ کێشا پێموت ( ئێمە کە دائەبەزین لەواجب ئەچینە هەولێر، لەوێشەوە لەگەراجی هەولێر سواری پاسی سلێمانی ئەبیت، کەگەیشتیتە سلێمانی لە هەرکوێ دایانبەزاندیت سواری تەکسی بەوبڵێ بمبە بۆگەراجی موجەمەعی نەسر، لەوێش سواری پاسی نەسربە، کە گەیشتیتە نەسر لەبەردەم دەرگای خەستەخانەکە دابەزە ( ئینجا ئەوکاتە هەرئەو نەخۆشخانەیەش لە نەسر هەبوو) لەوێ کارمەندێکی لێیە لە نەخۆشخانەکە بە ناوی علی نوری کە برادەری خۆمەو یەکسەر دەتباتە ماڵی ئێمە، زۆر دورنیە ماڵمان هەروا دووسەد مەترێک

لەخەستەخانەکەوە دورە. بەڵام کاتێک ساڵح دەگاتە سلێمانی و دەچێتە گەراجی نەسر، بۆ بێبەختی ئەو لەوێ سەیارەی نەسر نامێنێت بۆیە سواری سەیارەی زەرایەنی دەکەن و پێی دەڵێن خەمت نەبێت لەسەر پردی قەرەگۆل داتدەبەزێنین، لەسەرجادەکەشەوە سەیارە هەیە دەتگەیەنێتە ناو مجەمەعی نەسر، بەڵام شانسی ساڵح بانگی خەوتنان دنیا تاریک دەبێت کە دایدەبەزێنن، پێی دەڵێن ئەمە پردی قەرەگۆلەو ئەمەش جادەکەیە . بەڵام ئەمجارە لە بەختی ساڵح بەهەمووی بیست مەتر لە جادەکە دوور ناکەوێتەوە کە لاندکرۆزێکی سوور ئەوەی پێیان دەگووت دکسی تایەپان ئەوسا ئەو لاندکرۆزەرە باوی بوو، بۆی رادەوەستێ و سواری دەکات، شۆفێرەکە وا دەزانێت کوردە بەڵام دوایی بۆی دەردەکەوێت کە عەرەبەو پرسیاری لێ دەکات دەڵێت بۆ کوێ دەچیت ؟ دەڵێت بۆماڵی کوڕێک دەچم ناوی ئەسعەدە، ماڵیان لای نەخۆشخانەکەیە ئەویش بەرێکەوت من دەناسێت وماڵیشمان دەزانێت، چونکە ماڵیان لەسەروی خۆمانەوە بوو ئێمە ئاژەڵدار بووین ئەوانیش ئیشوکاری کەل وپەلی شۆفل وئەو شتانەیان دەکرد .

**ناوی کورەکە دەزانیت ؟**

نەخێر بەس بەشکڵ ئەمناسی و دەمزانی ئەو سەیارەیەی هەیە، ئیتر ماڵی ئاوابێت دەبیات لەبەردەرگاکەمان دایدەبەزێنێت وپێیدەڵێ ئەمە ماڵی ئەسعەدە ئەویش دادەبەزێ و تەقە لە دەرگا دەدات، باوکم دەرگا دەکاتەوە کەدەبینێ سەربازێکی عەرەبە دەزانێت کە (ساڵح) ە باوکم فەرمووی دەکات ودەیباتە ژورەوەو بەخێرهاتنی دەکات و دەیباتە ژورەوە، ئەو ئێوارە نانێکی هاکەزایی دەخۆن، خوشکێکیشم وتی گۆرەویەکانم بۆشت وپۆساڵەکانیشیم بۆیاخ کرد، ساڵح دوای نانخواردن وتبووی دەبێت هەر ئەمشەو برۆین باوکم زۆر هەوڵیدابوو نەرۆن، شەو لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام ئەو وتبوی حاجی حەزدەکەم هەرئەمشەو لێرە برۆین.

**باوکت عەرەبی دەزانی ؟**

باوکم زۆر زیرەکە و عەرەبییەکی زۆرباشی دەزانێت. چونکە خوێندنی لەلای مەلا تەواوکردووە،

**ئیتر نەمابووەوە ؟**



نانە خێر بابۆت باس بکەم ، ئەو کات سەیارە نەبوو ئێمەش دوو برا بوین هەردوکمان عەسکەربوین ،کورێکی پورزام ماڵیان لەخوار ماڵی ئێمەوە بوو ناوی بەشیرە ئێستا لە پێنجوێنە وەستای جبسم بۆردە ، ئەوکات خۆمان تراکتۆرێکمان دەبێت ئەوەش وێنەکەیەتی ، **(وێنەی تراکتۆرەکە پیشانی دیمانە سازدەدات و دەیخاتە بەردەم کامێراکە)**[4] بە تراکتۆرەکە باوکم ساڵح دەباتە زەرایەن لەوێشەوە تەکسیەک دەگرن دەچن بۆ کەلار کە دەچنە ماڵی مامەکانی تەیمور، شەو درەنگ دەبێت خەبەریان دەکەنەوە وتەکسیەک بە تایبەتی دەگرن هەر ئەوشەوە دەرۆن بۆ پاریزگای سەماوە بۆماڵی ساڵح.

**هەرئەو شەوە گەیشتنە سەماوە ؟**

[4] بڕوانە پاشکۆی وێنەکان بۆبینینی وێنەیەکی تراکتۆرەکە .

نا لەبەرئەوەی سەماوە دورە باوکم وتی سەعات 10 ی بەیانی گەشتینە ئەوێ پەنجا مەتر پێش ئەوەی بگەینە دەرگاکە لە تەکسیەکە دابەزین، چونکە ئەمان سێ کەس بوون بەجلوبەرگی کوردیەوە و کڵاوو جامانەیان بەسەرە بووە وساڵحیش جلی سەربازی لەبەردابووە ، ئەوکات کاتێک کەسێک لەسەربازی دەگەڕایەوە منداڵ و خزمەکانی ڕایان دەکرد بۆلای ودەچون بە پیریەوە ، ماڵی ساڵح بەرەی حەوت مامن شوێنەکەیان وەک دێیەکی بچوک وەهایە لەیەک باخدابوون کەسی بێگانەیان لەگەڵدا نەبووە ووتی کە گەیشتینە دەرگای باخەکە و منداڵەکان ساڵحیان دینی ڕایان کرد بۆلای تەنها تەیمور نەبێت کە ئێمەی بینی بەجلی کوردیەوە وەک کارەبا لێی بدات لە شوێنی خۆی نەجولا ، مامەکانی باوەشیان پیاداکرد بوبەگریان وشیوەن ئەوەبوو ساڵح بە باوکمی وتبوو با لەسەر ئەم جادەیەدا وەها نەکەن چونکە هەرکەسێک لێرەوە تێپەڕێت ئەوە ببینێت گومان پەیدا دەکەن، ئەوەبوو باوکیشم پێی وتبون و چوبونە ژورەوە بۆماڵی ساڵح چوبوونە دیوەخانێک درێژیەکەی دوازدە مەتربوو لای دیوارەکانەوە حەسیر ڕاخرا بوو لە ناوەڕاستیشەوە دەتتوانی بەپێڵاوەوە بڕۆیت لە سوچێکیشدا کورەیەک دانرابوو وەک سەماوەرێک بۆ میوان کە دەڕۆیشتیت قاوەیەکت پێشکەش دەکرا، باوکم وتی دانیشتین و قاوەیەکمان خواردەوە و دەنگوباس بڵاو بویەوە بەناو بەرەی هەرحەوت ماڵەکەدا کە کەسو کاری تەییمور هاتوون، بەژن ومنداڵەوە لەچواردەوەرمان وەستاون وشیوەن دەکەن، ئەو شەوە لەوێ ماینەوە لەگەڵ ئەوان، کەوتینە قسە، مامەکانی پێیان ووتم بە مامەمەکانی ساڵح بڵێ ئەوچاکەو پیاوتیەی ئەوان لەگەڵ ئێمەدا کردویانە ئەمە بەپارە تەواو نابێت، ئەو چاکەیە بە هیچ شتێک قەرەبووی ناکاتەوە بەڵام ئێمە پیمان خۆشە خزمایەتیەک لەگەڵ ئەم ماڵەدا دروست بکەین ئافرەتێک یان دوو ئافرەتیان بدەینێ و ببین بەخێزانێک وتێکەڵبین. باوکم ووتی ئەوان قسەکانیان تەواوکردوو منیش قسەکانم بۆ کردن بەعەرەبی، ئەو ڕۆژە (عاشوراو تاسوعا) بوو باوکی ساڵح بەپێ ئەڕۆیشت بۆ نەجەف و کەربەلا نەگەڕابووەوە بۆیە مامێکی ساڵح هەستایە سەرپێ و زۆر تورە بوو، ووتی حاجی بۆ ئێوە وادەزانن ئێمە ئەمەمان بۆپارەو ژن کردوە ؟ ژیانی حەوت بنەماڵەم خستۆتە مەترسیەوە بۆ ئەم منداڵە زانییومە کە کوردە بەڵام نەمزانیوە لە چ عەشیرەوت و لە کام بنەماڵەیە. ووتی ئەم باخەی تۆ دەیبینیت شەست جۆر خورمای تیایە وا دەزانن لەبەرخاتری پارە ئەمەمان کردووە بۆیە جارێکی تر ئەوباس مەکەنەوە ئێمە لەبەر خاتری خوا ئەوەمان کردوە ڕاستە تەیمور کوڕی ئێوەیە بەڵام ئێمە بە ئامانەت ئەتاندەینەوە بە مەرجێک هەموو سالێک دووجار سەردانی ئێمە بکاتەوە. ووتی ئەوە تەیمور خۆی لێی بپرسە منداڵێک ئەگەرپەنجا فلسی پێدرابێ ئەوان ڕۆژانە تەیمور سەد فلسی وەرگرتوە وەئەگەر هەفتەی جارێک ئەمانە برابێتنە بازار تەیمور سێجار براوە، ووتی سەیر بکەن تەیمور سەعاتێکی زۆرجوانی لە دەستدابوو وە مستیلەی ئاڵتوونی لە دەستدا بوو ئەو ڕێزەی لە تەیمور گیرا بوو لە منداڵی خۆشیان نەگیرابوو. ووتی بەس ئێمە داواکاریمان لە ئێوە ئەوەیە کاتێک کە تەیمور دەبەنەوەو دەچنەوە شوێنی خۆتان ئەم شتە بانهێنی و شاراوەبێت

**ئەمە لەبەرپاراستنی ئاسایش وسەلامەتی ژیانیان؟**

بەڵێ ووتبوی چونکە ئەگەر سەرەداوێ دەست حکومەتی بەعس بکەوێت ئێمە هەمومان لەسێدارەدەدەن و تێدادەچین.

ئێتر باوکم ووتی بەیانی ئێمە لەگەڵ تەیمورو مامەکانیدا تەکسیەکمان گرت، لەسەماوەوە هاتینەوە بۆکەلار. من هەتا ئەوکاتە ئاگادارم لەم بابەتەیە پاشان کە تەیمور دێتەوە ماوەیەک لەماڵ دەبێت، پاشان دێت بۆکۆمەڵگای نەسر .

**مەبەستت سەردانیانە بۆماڵی ئێوە ؟**

بەڵێ لەگەڵ مامیدا هاتبوون بۆماڵی ئێمە بەڵام بەداخەوە من لەماڵ نەبووم .

**ئەو سەردانە لەساڵی چەند بوو ؟**



له ساڵی 1990 كەهێشتا من هەر سەرباز "عسكر" بووم ئەو لەگەڵ مامە ڕەووفی دێت بۆلای ئێمە، من لەماڵ نەبووم بەلام تەیمور "ڕەسم"وێنەیەکی خۆی بۆدانابووم ( **لەوکاتەدا ئەسعەد هەمان ئەو وێنەیەی بەرزکردەوەو پیشانی چاوی کامیرا ڤیدیوکەیدا**) . پاشان تەیمور دەڕواتەوە بۆکەلار كە هێشتا حزبی بەعس لەدەسەڵاتدا مابوو، بۆیه لەوێ گومانی لێدەکەن و لەکەسوکارەکەی دەپرسن کە ئەم کورە کێیەو هەتا ئێستا لەکوێ بووە بۆیه ئەوانیش دەڵێن ئەم کوڕە لە کاتی ئەنفال لێرە نەبووە لە دیدەنی بووە بەو هۆیەوە دەربازبووەو بەرئەوشالاوە نەکەوتووە، بەهۆی ئەوەی تەیمور منداڵ بووە زۆرشکیان لێ نەکردووەو وازی لێدەهێنن.

**ئەوکاتە بەرێز مام جەلال بەوە دەزانێت تەیمور دەباتە لای خۆی و دەیکات بەکوری خۆی**

بەڵام وابزانم هێشتا زووە بۆ ئەوە ؟ چونکە بەپێی قسەکانی کاک رەووف (مامی تەیمور) دەیبەنەوە بۆ ماڵە عەرەبەکە لە پارێزگای سەماوە لەبەرئەوەی ئەمنەکان چاودێری دەکەن بۆیە وای بەباش دەزانن بیبەنەوە بۆ ئەوێ وە دەچن بۆلای سەرحەدی خەلیفە یونس بۆ ئەوەی ئەو گومانە بشارنەوە، وەئەویش دەوری هەبووە لەوەی کە لەئەمنی سلێمانی بگەیەنێت کە خزمی ئەون و ئەو منداڵەش (تەیمور) لەماڵی خزمەکانی بووە لەوکاتەدا.

بەڵام من هەر وەک باسم کرد هەرئەوەندە ئاگادارم. چونکە کە دوایی هاتمەوە باوکم وتی کە ئەوان هاتون ئەو رەسمەیان بۆداناویت، منیش چوم بۆ کەلار تەیمورم لەوێ بینی لە ماڵی مامی بوو، ئەوکاتە تیمورکوردی نەدەزانی من بەعەرەبی قسەم لەگەڵدا کرد.

**واتا تۆخۆت شایەتی ئەوەیت کە تەیمور کوردی نەدەزانی؟**

بەڵێ خۆشی لەژیاندا ماوە ئەتوانێت ئەوە ڕاست بکاتەوە .

**بەڵام یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەیە کە چۆن تەیمور بە دوو ساڵ زمانی کوردی بیرچۆتەوە؟ ئەو شایەتیدانەی تۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوەو تەمومژ لەسەری ناهێڵێ .**

بەڵێ زۆر بەمنداڵی گیراوە کە هێشتا خەتەنە نەکرابوو، هەتا ناوەکەشیان گۆڕیبوو لە تیمورەوە گۆڕیویانە بۆ عەلی .

**بەڵام ئەمە ڕێکەوتێکی سەیرە کە دوو منداڵی کورد دەربازیان دەبێت هەردوکیان ناویان دەنرێت (عەلی) .**

چۆن تێنگەم

مەبەستم زمناکۆی هەڵەبجەو تەیمورە هەروەک چۆن زمناکۆ لە ئێران ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ عەلی لەخوارووی عێراقیش (تەیمور) یش وابووە!!

بەڵێ بەڵێ ڕاستە چونکە خۆیان شیعە بوون ناویان ناوە عەلی بۆ ئەوەی کەس هەستی پێنەکات ئەو کاتەی تەیمور دەربازبوە دوو فیشەکی پێوە بووە یەکێک بەباڵیەوە ئەویتر بەسنگیەوە، ساڵح ووتی دکتۆری تایبەتیمان بۆگرتووە و جۆلانەمان بۆهەڵواسیوەونەمان بردۆتە دەرەوە .

**ئەی نەیگووت ئەودکتۆرە ناوی چی بووە ؟**

نەخێر.

**بەلأم من ئەوخێزانە دەناسم رەنگە بتوانین ناوی ئەودکتۆرەش بزانین!!**

بەڵێ ئەوان دەزانن لەوانەیە کەسوکاری خۆیان بووبێت، چونکە دکتۆری بێگانەیان بۆنەهێناوە .

**ئەوەش راستە کاک ئەسعەد تۆ باسی سالح دەکەیت بەلأم کەسوکاری تەیمور بە زۆری باسی فازل دەکەن؟**

من بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم ناوی (فازل) نەبوو، ناوی سالح بوو، چونکە من شەش سەربازی تری عەرەبم لەگەڵدا بوو، ناوی هەمویانم وەک ناوی خۆم لەبەرە چواریان ناوەکانیان (یاسر مرەیەج، تۆفیق عبدول ئەمیر،عەدنان داود سالح، سەلأح فەیاز) ئەم چوارکەسە خەڵکی ناسریە بوون، عەدنان داود خەڵکی قەزای شەترە (الشطرە) یە ئەویش هەر سەر بەناسریەیە، حەلیم فلیح عەبدولا خەڵکی بەغدادە (سالح سەعید ئعیشم ) خەڵکی سەماوەیە، من هەموناوەکانیان بە تەواوی دەزانم چونکە من دووساڵ لەگەڵ سالح بووم لەیەک (مەلجآ) ژێرزەمیندا بووین بەیەکەوە دەنوستین، زۆربەی حەرەسیاتی شەومان هەرپێکەوە بووین، لەرەمەزاندا پێکەوە پارشێومان دەکرد.

**ئەو شیعە بوو تۆش مەزهەبت سونەیە ؟**

بەڵێ

**تۆ باسی پابەندبوونی ساڵحت کردت بە دینەوە ئایا ئەوەی ماڵی سالح کردیان بەرامبەر تەیمور پەیوەندی بە دینەوە هەیە یاخود خۆیان ماڵێکی باش بوون ؟**

خۆیان باش بوون ئەوە پەیوەندی بە دینەوە نەبووە ، من کەسێکی کۆمەلأیەتیم لەوانەیە زۆر کەس لە یەزیدیەکان دور بکەویتەوە بەلأم من لە عەسکەری 2 کەسم لەگەڵ بوو بە ناوەکانی (یەزدین معجون – عگو رشو) وەمن چەند ڕێزم لە سالح گرتووە ئەوەندەش ڕێزم لەوان گرتووە

**یەکەم جار کە ئەو چیرۆکەت بە باوکت وت ڕاستەوخۆ ڕازی بوو بروات ؟**

بەڵێ بەبێ هیچ دوو دڵیەک .

**ئەو کاتەی کەسالح ئەم شتانەی بۆتۆ دەگێڕایەوە هەر لەسەدا شەست عەرەبیت دەزانی یان باشتربوویت؟**

تۆزێک باشتر ببووم هەرشتێکی باس کردبێت لەسەدا هەشتای تێدەگەیشتم چونکە من تا شەشی ئامادەیم خوێندووە، ئەوماوەیەی کە لەگەڵیدابووم هیچ سەربازێکی کوردم لەگەڵ نەبوو.

**کاک ئەسعەد دوای ئەوەی تەیمور برایەوە بۆ سەماوە وە لەوێ تۆ باسی گوندێک ئەکەی کە هەموو ئەوبەرەمامە لەوێ بوون لەودەوارەی کە تەیموور چوەتە ژێری؟**

دەوارنەبووە بیابان بووە

**ئەی بۆ تەیمور دەڵێت چوینە ماڵێکی دەوارنشین؟**

رەنگە دەوارنشینیش هەبوبێ لەناو ئەم باخەدا بەلأم تەیمور کاتێک دەڵێن کە لە باخەکە پێتەدەرەوە بەپێی ئەروات ئەمە وانیە .

ئەوەی سالح بۆمنی گیراوەتەوە بەم شێوەیە کە تەیمور منداڵە کوردەکە هەمووی بەنجا بۆ سەد مەترێک لە چاڵەکە دوور دەکەوێتەوە کە سالح و ئامۆزاکانی دەچنە سەری لەوێ سواری سەیارەی دەکەن و هەربەو سەیارەیەی کە حەیوانەکانیان بردوە بۆ سەرسنوری سعودیە هەر بەوە دەیهێننەوە بۆ ناو ئەم رەشماڵە واتا ئەوەی دەڵێن تەیمور بەپێی رۆیشتوە بە درێژای دوو سەعات بەرۆیشتنی سەیارە، ئەمە دوورە لەڕاستیەوە چونکە من سالح لەگەڵمدابووە وە هەمووی بەوردی بۆ گێڕاومەتەوە.

**تۆ کتێبەکەی تەیمورت خوێنۆتەوە کەعارف قوربانی دیداری لەگەڵ سازکردووەو چاپی کردووە ؟**

نەخێر تەنها لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنییەوە گوێم لێی بوو کە ڕۆژنامەنوسێک پرسیاری لە کاک عارف کرد دەربارەی دەربازبوونی تەیمور ئەویش ووتی ئەمە موعجیزەیەکی خواییە کە لە چاڵێک بێنە دەرەوەودوسەعات سەیارە بیابان ببرێت ئەم کورە ئەوەنە بەپێی رۆیشتوە، بەلأم راستیەکەی ئەمە

وانەبـوە چـونکە ئەوە سـالّح و ئەوان خۆیـان چـونەتە سـەر چاڵەکـان و بینیویـانە وە ئەوچـالّانە وەک خەندەقیش نەبووە ووتی دوو دوو خەڵکیان تێکردوە کە بەقەد کەمەر بەرەوخوار قوڵبوە .

**مەلایەک لە خانەقین چووە بۆ حەج باس لە کچێک دەکات لە کۆمەڵکوژی ڕزگاری بووە لە سەر سنوری سعودیە خەریکی بازرگانی ئاژەڵ بوون، کە ڕزگاریان کردووە، کچەکە ناوی عائیشەیە ، ئەو مەلایە دەڵێ ئەو ژنەم بینیوە و خۆی بۆی باس کردوم خەڵکی ناوچەی دەربەندیخانە ، بەڵام چۆن بزانین کەسێکی ئەو ماڵەی تەیموریان گرتووەتە خۆ لەو کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵداریەدا بەشدار بووە ؟**

کەسوکاری ماڵی تەیمور بەشدار نەبووە بەڵکو کەسوکاری ماڵی سـالّح بەشـداربوون، وەک پێشتر وتم کـات زۆر درەنـگە بـۆ گێـڕانەوەی ئەم مەوزوعە چـونکە ئەگەر زوو بـاس بکـرایە و بەدواداچونمـان بۆبکردایە دەمانزانی ئەو ئاژەڵانەیان بەکێ فرۆشتووەو دەیانزانی ئەم کچە لە چ ماڵێکدایە .

**ئێستا وەختی ئەو پرسیارەیە کە لێت بکەم ئایا بۆچی گێڕانەوەی چیرۆکی تەیمور لەلایەن تۆوە ئەوەندە دواکەوت؟ تۆ کە ئەمەت دەزانی بۆ هەوڵت نەدا زوو لەتەلەفزیۆنێکەوە یاخود ڕادیۆیەکەوە باسی بکەیت ؟**

ئەوکات ئەوەندە کەناڵی ڕاگەیاندن نەبوو،ساردیەکە لە ماڵی تەیمورەوە بوو، ڕۆژنامەنوسێک پرسیاری لە عارف قوربانی کرد وتی ئەوکاتەی کە تەیمور گەڕایەوە بۆ هیچ بەرپرسێک یاخود هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن ئەمەی نەورۆژاند، ئەویش وتی هیچ بەرپرسێک نەیزانیوە، بەڵام ئەوەش ڕاست نیە بۆیە من دەمەوێ شـتێک بـوروژێنم چـونکە یەکەم کەس کە ئەمەی زانیبێـت مـام جەلال بـووە کەسـیش لەوگەورەترنەبوو لەکوردستاندا، ئێمە نابێ تەنها سلبیاتەکانی باس بکەین بەڵکو دەبێ ئیجابیاتەکانیشی باس بکەیـن چـونکە ئەوماڵە کە تەیموریان دایەوە بە ئێمە زۆربە حەزەرو ئامانەتەوە دایانەوە پێمان وتیان تەنها ئەوەندەمان لە ئێوە دەوێ بـا تەیمـور زۆر تێکەڵاوی خەڵـک نەبێت وئەم قسـە بدرکێنێت وحکـومەتی بەعـس پێمـان بزانێـت، چـونکە ئەگەری ئەوەش هەیە مـام جەلالـیش هەر بەوشـێوە بیـری کـردبێتەوە، بەڵام دەیتـوانی بەنـوێنەرانی نەتەوە یەکگرتوەکـانی بڵێـت وە پێیـان بناسـێنێت کە ئەمە دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵە

**ساڵی 1991 کەنعان مکییە باسی کردووە ئەوکات تەیمور منداڵ بووە ، میدڵ ئێست ۆچ لە کتێبە بەناوبانگەکەی باسی تەیمور دەکـات بەڵام لە زمانی تەیمورەوە دەیگێـڕێتەوە ، لەوانەیە تەیمور زۆر بـاش باسی خـۆی بگێـڕێتەوە بەڵام هاوکات کەسانی وەک ئێوە (سالّح و ئەسعەد) دەتوانن هاوکاری بکەن تا شتەکانی باشتر بەبیربهێننەوە !**

ئەوکات مام جەلال دەیتوانی مامەکانی تەیمور بانگ بکات، چونکە ئەوکات تەیمور منداڵ بوو وە لێی بپرسـینایە چۆن هـاتۆتەوە چۆن دۆزیوتـانەتەوە ئەوانیش دەیانوت لە ڕێگەی ئەسـعەدەوە دەستمان کەوتووە بەڕێز مام جەلالیش بیناردایە بەشوێن مندا منیش بۆم باسدەکرد.

**لەدوای ساڵی 1991 کە تەیمور دێتەو بۆکوردستان سەردانی تۆیان کردووە ؟**

نـانەخێر سـەردانیان نەکـردووین نەبـۆلای خـۆم وەنە بـۆلای بـاوکم، مـن ئەمەش نـاکەم بەمنەت بەڵام ئەگەر بـۆگێڕانەوەی چیـرۆکەکەش بـوایە ئەبـوایە ئەوەیـان بکـردایە هەتـا ڕۆژێـک جەنـابتم بینـی لە تەلەفیزیۆن قسـەت دەکرد دەربارەی تەیمـور منیش لەڕێگەی مەم بورهـان قانعەوە تەلەفۆنەکەی تۆم وەرگـرت وپەیوەنـدیم بەتـۆوەوە کـرد، ئەوە بـوو کە تـۆ ووتـت زۆرم پێخۆشـە مـن چوارسـاڵە بە دوای تۆدا دەگەڕێم.

**بەڵێ وابوو وابزانم تۆ واتێگەیشتبویت کە تەیمور نزیکە لەمنەوە، بەڵام ڕاستیەکەی من تا ئێستاش تەیمورم لە نزیکەوە نەبینیوە!!!**

باشە بۆچی ؟

**من زۆر هەوڵمداوە بەڵام سەرکەوتوو نەبووم، چەندجارێک تەلەفۆنم بۆکردووە وەڵامی نەداوەمەتەوە. داوەتمان کرد بۆ پیشوازی لە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال بەدەنگ بانگێشتەکەمانەوە نەهات .**

بەڵێ وابوو، من زۆر دڵم بەوە خۆش بوو کەوتت تەیموریشمان داوەتکردووە، وتم لەوێ دەیبینم .

**ئەوەی من کە باسم کرد لە تەلەفزیۆن تۆ پێت چۆن بوو هیچ بۆچونێکت هەبوو لەسەری یاخود پێت خۆش بوویان نا ؟**

زۆرم پێخۆش بوو، تەنها تێبینیم لەسەرئەوە هەبوو کە وتت گەنجێک بەناوی ئەسعەد لە شارەزوور، بەلاَم من شارەزوری نیم لەبنەرەتەوە خەڵکی قزڵجەین، لە دایکبووی پێنجوێنم .

**ئەوان بەمنیان وتووە خەڵکی نەسرە ، من وتم نەسر، لە شارەزوور نەموت ئەسعەد شارەزوری !**

بەلێ ئەوەی تۆ ئاگادارم بەلاَم دووجاری تر لە کەناڵی پەیام خوێندویەتیەوە وتی گەنجێک بەناوی ئەسعەد لە شارەزوور، بۆگێڕانەوەی ئەم چیرۆکانەوتۆمارکردنی بۆ مێژوو دەبێ زۆر وردبیت، لەوانەیە عارف قوربانی کتێبێکی گەورەی لەسەر چاپ کردبێت بەزمانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی، بۆیە نابێت هەڵەی تێدابێت.

**تۆ کتێبەکەی عارف قوربانیت خوێندۆتەوە ؟**

نەمخوێندۆتەوە تەنها لە 14 ی ئەم مانگەدا لە کەناڵی پەیامەوە گوێم لێبوو، کە ئەو دێڕەی وت گوایە بەقەد ڕۆیشتنی دووسەعات بەسەیارە بە بیاندا چەندە دورە تەیمور ئەوەندە بە پێ ڕۆیشتووە ، نەخێر شتی وەها نیە.

## سالْح مواليدی چەند بوو ؟

نازانم بەلاَم لە من منداڵتربوو لەوانەیە موالیدی 1967 بوبێت .

**ئەوماڵە محمەد و خالید و فازل و حسێنیان هەیە ، خالیدوحسین هاوتەمەنی تەیمورن ؟**

من لە ساڵی 1991 ەوە چاوەڕێم بەرپرسێک یاخود ڕۆژنامەنوسێک لەم هەرێمەی کوردستان من بانگ بکات بۆ گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە بەبێ هیچ مەرامێک

## بۆ تۆ چاوەڕوان بوویت بۆ خۆت ئەوەت نەکرد ؟

بە کێ بڵێم ؟

## بەم هەموو ڕاگەیاندنە بڵێت من چیرۆکیکی وەهام لایە؟

باشە من ئەوەم نەکرد ئەی تەیمور یاخود کەس و کارەکەی نەیاندەتوانی پەیوەندی بە منەوە بکەن ؟

**منیش لەلای خۆمەوە گلەیم لە تۆ دەکرد دەگوت ئایا ئەسعەد شت ناخوێنێتەوە ئاگای لەو هەوالانە نیە تەماشای تەلەفزیۆن ناکات، چونکە پێشتر من لە زۆر شوێنی تر باسی تۆم کردوە؟**

سارد وسریەکە یەکەم لە مامەکانی تەیمورە بوو دووەم لە مام جەلالەوە سێهەم خۆم ، گێڕانەوەی چیرۆکی تەیمور ناخی هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە دەهەژێنێت تەنها ناخی بەرپرسانی کورد نەبێت ، مام جەلال ئەم کورەی لای خۆی داناوە لە قەلاَچوالان و کردویەتی بە کوڕی خۆی ئایا نەدەبوو مامەکانی بانگ بکات بلێت ئەم کورە لە کوێوە هاتۆتەوە و کێی لەگەڵدا بووە ، دوای ئەوەی هاتومەتەوە مامێکی تەیمور نەبێ کە هاتووە بۆلاَم بۆئەوەی زانیاری بدەمێ لەسەر ئەوەی تەیمور لە کوێیەو چی بکەین و چی نەکەین ئەگینا من یەک کەسی تەیمورم نەدیوە

## کەواتا لەدوای ئەوەوە پەیوەندیتان نەماوە لەگەڵ تەیمور و پەیوەندیتان نەما ؟

نەخێر بەداخەوە وە ساردیەکە بەزۆری لەلایەن ماڵی تەیمورەوە بوو .

## بێگومان ئەوە ناخۆشە؟

من پێم خۆشبوو تێکەلی و هاموشۆمان ببوایە، سوپاس بۆخوا ئێستا وەزع باشەو حەزم دەکرد میوانداری بکەم لە ماڵەوە.

## تۆ پێشبینیت دەکرد دوای ئەمە تێکەلاَویتان لەگەڵ ماڵی تەیمور زۆربێت ؟

من زۆرحەزم دەکرد وابێت بەلاَم ساردیەکە لای ئەوانەوە بوو، من نایکەم بە منەت بەسەریانەوە، کاتێک ئێمە لە مەجموعەی نەصر دەرچووین بەهەمووی دە ماڵ لەوێ نەمابوو، دوای دۆزینەوەی تەیمور ئێمە بە ساڵێکیش لەوێ ماوینەتەوە.

**کەوتە ئێمە گللەیی دۆستانەمان هەیە، بەلاَم لەڕاستیدا چیرۆکەکەی تەیمور زۆر قورسە، هەرچۆنێک بێت، شایانی لێبوردنە.**

بەڵێ بێگومان تەیمورهیچ گللەیی لێناکرێت، ئێش و ئازاری ئەنفال زۆرگرانە ئەوەی خۆی نەیبوبێت ونەیدیبێت وبەسەرنەهاتبێت نازانێت چۆنە، ئێشی ئازاری ئەنفال بۆ ئەوکەسانەیە کە کەسوکاریان تیاچووە، بۆ کەسێکی وەک من و تۆ و کۆمەڵێک بەرپرس نیە لە یادکردنەوەیەکدا تەنها نیوسەعات باسی بکەین .

**یەکەمجار ساڵح کە باسی تەیموری کرد پێی وتی تەیمور لە ئەنفال ڕزگاری بووە یاخود وتی کوڕێکی کوردمان دۆزیوەتەوە ؟**

بەڵێ ڕاستەوخۆ، بی پێچوپەنا پێیگوتم لە ئەنفال ڕزگاری بووە و لە نێوان 500 سەد جەنازەدا دەرمهێناوە و بینیومە

**تۆ ئەوکات دەتزانی ئەنفال بەو شێوەیە کوردی وێران کردووە ؟**

نەخێر، نەمدەزانی، کە پێیگوتم توشی شۆک بووم. حەپەسام .

**وتی چی وا تووشی شۆک بوویت هەربەوەی تەیمور، یان شتی تری دەزانی ؟**

نا هەرئەوەی تەیمور نەبوو، ئەوکاتەی کە گوتی ( 500 ) پێنج سەد ژن و منداڵی کورد گوللەبارانکراوە تەیمور وکچێک ڕزگاریان بووە ئێمە تەیمورمان هێناوە، ئەوماڵە سعودیەش کە کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ لەگەڵ ئێمەدا دەکەن ئەوانیش کچەکەیان بردوە

**تۆش تەنها لەگەڵ باوکت ئەو نهێنییەت باست کرد ؟**

لەگەڵ باوکم وماڵی خۆمان لە برا وخاڵۆزا وئامۆزا وپورزا جا چی هی دایک، چی هی باوک، بە هەر هەمویان لەدە کەس تێپەڕ ناکەن کە ئەوەم بۆ باس کردبن، ئەوەش دوای هێنانەوەی تەیموربووە، بەڵام پێش هێنانەوەی تەیمور تەنها دایکم و باوکم و برا وخوشکەکانم نەبێ کەبەم چیرۆکەیان زانیوە. یەکەس لەدەمی ئێمەوە نەیزانییوە.

**دوای ئەوەی کە ئیتر ڕژێمی بەعس بەیەکجاری لە ساڵی 2003 ڕوخا ئەو کاتەش تۆ ئەم چیرۆکەت لەگەڵ کەسی تردا باس نەکرد ؟**

نەخێر، تەنها هەندێک خزمی زۆر نزیکی خۆم نەبێت ئەوانیش گۆشەیەکی زۆر بچوکی لێدەزانن .

**باشە بۆ نەت دەویست باسی بکەیت ؟**

لەکوێ باسی بکەم ؟ ئەگەر کەس پێم نەلیت ؟

**لەدەزگایەکی ڕاگەیاندن ئەی خۆچی زۆرەدەزگای ڕاگەیاندن زۆرە ؟**

من لە ساڵی ١٩٩١ەوە چاوەڕوانم بەرپرسێک ڕۆژنامەنوسێک بانگم بکات و بڵێت وەرە ئەم چیرۆکەمان بۆ باسبکە .

**کاک ئەسعەد من خەلکی نەسرو باریکەو عەربەت نەما پرسیاری تۆی لێنەکەم و هەواڵت نەپرسم، زۆر ناخۆش بوو بۆمن کەیەک کەس تۆی نەدەناسی ؟**

ڕاستییەکەی من ئەوەندە لەنەسر نەماومەتەوە ئەوماوەیەی لەوێ بووین هەرعەسکەر بووم، کەتەواویش بووم ڕاپەرینی بەسەردا هات، ئیتر چوم بۆ پێنجوێن، لەوێ کوڕێکی خاڵم هەیە هاتەمەن وهاوڕێی خۆمە، ئیتر هەر لەپێنجوێن بووم لە مەرز خەریکی کاسبی بووم . بۆیە خەڵک زۆر نەیناسیوم لەنەسر .

**بەینی خۆمان بێت گللەیشم لێکردیت، چونکە دەم گوت باشە ئەم کاک ئەسعەدە ئاگای لەدنیا نیە، ڕۆژنامەناخوێنێتەوە، گوی لەرادیوێ ناگرێت، تەلەفزیون نابینێ ؟**

ڕاستی خەتای یەکەم لەمامەکانی تەیمورەوەیە دووهەم لەبەرێز مام جەلالەوە بوو، لێرەوە ڕێزی زۆرم بۆی هەیە، چونکە یەکەم بەرپرس ئەو زانیبووی، سێهەم لەخۆمەوە بووە، بۆ دەڵێم مام جەلال چونکە نە دەبوو مامەکانی و کەسوکاری تەیموری بانگبکردایەو بیپرسیایە ئەمە چۆن بووە،؟ ئەوسەربازە کوردە کێیە؟ ئەی برا خۆتەیمور بەتەنیا نەبووە هەرهیچی لەگەڵدا نەبووبێت نزیکی ٥٠٠ نەفەر یان ١٠٠٠ نەفەری تر لەگەلیدا کوژراوە، کاکە مامەکانی تەیمور خۆشیان سارد بوون، من

یەکجار نەبێت مامێکی تەیمور هاتووە بۆلام ئەویش سەرەتابوو بۆ راستی هەواڵی تەیمور هاتبوو، من یەک کەسوکاری تەیمورم نەبینیوە، بۆیە ئەو دوریی وساردییەش کە دروست بوو، خەتا لەمامەکانی تەیمورەوە بوو کاکە خۆئێرە چین ونیودەلهی نییە، خەڵکەکەی ئەوەندە زۆربن یەکتری نەدۆزنەوە، من تەنها بۆ ماوەی ٢ دەقە لەکەناڵیکی تەلەفزیون تۆم بینی داوی دەدەقیقە ژمارەکەتم پەیداکردو قسەم لەگەڵداکردیت.

**بەداخەوە کەوایە بەڵام تۆ چاوەرانی چیت دەکرد ؟ پێتخۆش بوو پەیوەندی توندوتۆڵتان هەبێت ؟**

مـن زۆرم پێخـۆش بـوو، پەیوەنـدیمان بەردەوام بێـت، سـەردان وتەلەفـۆن لەنێوانمانـدابێت. بەڵام ساردییەکە لەوانەوە بوو، مـن هـیچ نـایکەم بەمـنەت بەسـەریانەوە، بەڵام خـۆش بـوو بـۆئێمە هەواڵـی ئێمەیان بپرسیایە. ماڵی ئێمە کاتێک لە کۆمەڵگای نەسر دەرچوین ئەتوانم بڵێم بەهەمووی دەماڵ لەناو نەسردا نەمابوون، ماڵی باوکم هەرلەوێ مابوون . دوای دۆزینەوەی تەیمور ئێمەساڵێک لەدوای ئەوە ئێمە هەرلەوێ بووین.

**ئێستا لەنەسر نەماون ئەی لەکوێ دەژین ؟**

ئێستا لە پێنجوێن دەژین.

**لە ئێستادا پێتخۆشە تەیمور ببینیت؟**

بەڵی زۆرم پێخۆشە

**ئەی بۆ بینینی تەیمور ئەوەندە قورسە بۆتۆ ؟**

ماوەیەیەکی زۆرە نەمبینیوە لە 1991ەوە مـن عەودالـم و تەنهـا ئەوکـاتەی کە هـاتەوە یەکجـار بینیم ئەویش هەمـووی مـاوەی دوو کاتژمێرێک لەلای بووم، ئەوکاتە زۆرمندال بـوو، کوردیشـی نەدەزانـی، حەزئەکەم ببیـنم، پێشمخۆشـە پێکەوە سـەردانێکی مـاڵی سـاڵح بکەیـن، ئەوەشـم زۆر پێنـاخۆش بـوو بەراستی ئێشم پێگەیشت، کەهەواڵی مەرگی ساڵحت پیدام و پێت ووتم سـاڵح نەمـاوە، چـونکە مـن وەک ئەنـدامێکی خێزانـی خـۆم ئەمبینـی. بەڵام مـن هەرپێمخۆشـە ببیـنم و پەیوەنـدیمان هەبیـت ئەگینـا هـیچ بەرژەوەندیم لەگەڵ تەیموردا نیە.

**مـن هەوڵ دەدەم کەتـۆ تەیمـور ببینیـت بەڵام ئەمە هەوڵە نەک بەڵـێن !! چـونکە مـن پێشـتر زۆر هەوڵـم داوە سەرکەوتوونەبووم، تەنانەت لەگەڵ سینەماکار تەهای کەریمی لێرەوە چوین بۆلای بۆ کوڵەجۆ بۆئەوەی ببینین و باسی ئەوفلیمەی لەگەڵ بکەین کە بۆ دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ بوو، بەڵام بەداخەوە سەرباری ئەوەی مەوعیدیشیان بۆ وەرگرتبووین. بەداخەوە هەر خۆی نیشان نەداین.**

ئەگەر خۆی حەزبکاتی من پێم خۆشە ببینم، ئەگەر نـا من ئاساییە بەلامەوەوە . ئەتوانم ئەوەش بڵێم کە من لەکاتێکدا باوکم ناردوە بۆسەماوە کە بارودۆخێکی زۆرناخۆش بوو وە ئەگەر لەوکاتەدا شـتێکی نـاخۆش رووی بـدایە ئـێمە هەموومـان دەکـوژراین وتێـدائەچوین, ئـێمە ئەوە مـان کـردوە بەبـێ هـیچ بەرامبەرێک بۆیە حەزئەکەم ئەگەر تەیمور پێی خۆشبوو سـەردانی مـاڵی سـاڵح بکات لەسـەماوە ئەوە منیش لەگەڵی بچم.

**ئەوەی بەلامەوە جوانەو رێزی دەگرم لەم چیرۆکەی ئێوەدا، کە ئەم هەڵویستەی خۆتان نەکردوە بەهۆکارێک یان بە دەسکەوتی تایبەتی خۆتان بۆ ئەوەی لەدەرگای بەرپرسان بدەن وپارەی پێکۆبکەنەوە ؟**

نا هەرگیز، ئەوە نەبووە، ئێمە ئەوەمان بۆ خوا کردوە باوکیشم بۆخۆی زۆرنهێنی پارێزە.

**منیش لەگەڵ تۆدام کە ئەوشتانەی کردتان بۆ مادە نەبوو بەڵام خۆشە ئینسان بەرامبەر ئەوەی دەیکات بەقەد ئەوە رێزی لێبگیرێت.**

راست دەفەرموویت .

**ئەنعام ناوی کچێکی ئەومالەیە کەتەیمور لەماڵیان بووە، ئەو میوانمان بوو لە ماڵی خۆمان پێیووتم دەربارەی کۆچی ساڵح, بەڵام دڵنیانیم خوشکی ساڵحە یان ئامۆزای!!**

بەڵی من پێم وایە دەبێت هەرکوردێک ئەگەر یەک تۆزقاڵ هەستی نیشتمانی ونەتەوەیی تێدابێت، دەبیت رێزی ماڵی ساڵح بگرێ خۆی بەقەرزداری ماڵی ساڵح سهیل و (ئال ئعێشم) بزانێت.

**بەلێ بێگومان هەرئەوان نا بەڵکو تۆو باوکیشت .**

ئێمەبەهەرحاڵ کوردین و ئەرکی سەرشانمانە بەلأم من هەموو کورد بەقەرزداری ئەوان دەزانم .

**تەواو لەگەڵتدام نازانم بێنیبێتت یان نا لە تەلەفزیۆنی KNN بەم جۆرەی ئێستا بەتۆی دەڵێم باسم کردوە لەگۆڤاری ئەنفالستانیش بڵاوم کردۆتەوە, ئەمە بۆ پشتیوانی قسەکەی بەرێزت پێشنیاری پرۆژەیەکم کردووە بەناونیشانی (ئەو پرۆژەیەی کە دەبێت تەیمور بەردی بناغەی دانێت) پرۆژەکە ئەوەیە کە نەخۆشخانەیەک و خوێندنگایەک بۆ ئەو گوندە درست بکرێت ئەمەش وەک دیاری دەستی کورد , ئەم بیرۆکەیەم بە بەرێز عومەرفەتاح جێگری سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتە ووتوە، لەو کاتەدابوو کەلەگەڵ ماڵی ئال ئعێشم ( خالید و حسێن و محمد) بەیاوەرییان چوم بۆلای کاک عومەر فەتاح حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە بەزۆر من ڕۆیشتم لەگەڵیاندا ئەمانیش ئامۆزاو کەسی ساڵح بوون . پرۆژەکە ئەوەیە کەوەک دیاری کورد لە هەموو فەرمانبەران یەکی هەزاردینار بیرێت بۆ ئەو پرۆژەیە، جگە لەوەش هەرکەسی تر حەزیکرد زیاتر ببەخشێت ئەوە باشازدبێ , ئەمەش ببێتە بەدیاری کورد یان دیاری تەیمور بۆ ئەو بنەماڵە عەرەبە، ئەگەر پارەکەش کەمی هێنا، ئەوکاتە حکومەتی هەرێم دەتوانێ تەواوی بکات، بۆئەوەی حکومەتیش بەشداربێ لەو پرۆژەیە بۆ دروست کردنی ئەو باخچەو خوێندنگەو نەخۆشخانەیە، پرۆژەکە ناوبنرێت دیاری تەیمور. لەساڵی 2008 ئەم پرۆژەیەم باسکردوە هەرجەندە پەسەندی بوو بەلأم جێبەجێنەکرا .**

بەلێ ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر جوانەو کارێکی زۆرچاکە ئەگەربیکەن .

## بیورە ویستم ئەوەت لێپرسم کە باوکت لە ژیاندا ماوە ؟

دوای ساڵی 1992 خۆپیشاندانێک ڕویدا لە نەصر باوکم فیشەکێکی بەرکەوت، لەو فیشەکەوە توشی (شلل دماغ) بوو، کەسیش لێی نەپرسیەوە هەتا بردمان بۆلیژنەی پزیشکیش لە سلێمانی بۆئەوەی کەمئەندامی بۆبکەین ئەوانیش پێیان وت خۆ لە ژیاندا ماویت ونەمردویت بۆچی بۆتبکەین

**ئەی هیج بەرپرسێک بەوەی نەزانی کە باوکت لەم چیرۆکەدا ئەوەندە دەوری هەبووە ؟**

نەخێر

**کە باوکات وای لێهاتوە لیژنەی پزیشکی بەوەی نەزانیوە کە باوکت چەند ڕۆڵی هەبووە لە گەڕانەوەی تەیموردا وە ئەوان لەسەر ئەوە نایکەن بە کەمئەندام بەلأم هاوکاریکردنی کەسایەتیەکی وەک باوکت و ڕێز و پێزانین لەو هەڵوێستەی باوکت گرنگە.**

ئینجا بەرپرسانی هەرێم لە کەسوکاری 182000 هەزار ئەنفالیان پرسیوەتەوە، هەتا لەباوکم بپرسنەوە ؟ کەی لە فەرەج و تەیموریان پرسیوە تا لە باوکی من بپرسن ، منداڵێک کە خەتەنە نەکرابێت لە چاڵێکدا بیدۆزیتەوە و بیهێنیتەوەو ئەو ڕزگاربوانەی تریش ئێستا لە کەنەدا و ئەمریکا بە ڕیشی سپیەوە یەکێکیان لە قەساب خانەی بەراز و یەکێکی تر لە غەسلی سەیارە ویەکێکی تر لە مەزرەعەیەکدا گیا بڕنێت ئایا ئەمە رەوایە ....

**ئێستا تەندروستی باوکت چۆنە؟**

باوکم لە 2005 توشی نەخۆشی ئەزەهایمەر بووە لەماڵەوە کەوتوەو مێشکی توشی پوکانەوە بوە براکان و خوشکەکانم زۆرپێوەی ماندون.

**وتت شتێکی گرنگ هەیە کە حەزدەکەیت باسی بکەیت لەم چاوپێکەوتنەدا؟**

ئەوە بەلامەوە گرنگە تەیمور بهاتایەو داوەتم بکردایەو شوکر ئێستا خەلک وەزعی باشە بەلام پێمخۆش داوەتم بکردایەو ئەگەر پێی خۆش بوایە پێکەوە بچوینایە بۆ سەماوە بۆلای ماڵی ساڵح.

**بەهیوام ئەو دەرفەتە هەڵبکەوێت. بەلأم لەم دیدارەدا ئەوەی بەلای منەوە تازەو زۆر گرنگ بوو جۆری ئەو (گۆڕ)انەن کەباست کرد هەر گۆڕەو دوو کەسی تیابووە ؟ تۆ دڵنیایت لەوە ؟**

چۆن ئێستا لەگەڵ تۆدا دانیشتوم ئاوا بیرمە کە ساڵح باسی کرد، ووتی هەرچاڵەو تا پشتێنێکی زەلام قوڵ بووە دوو زەلامیان تێکردوە وە پریش نەکرابووە هەر کە گوللەبارانیان کردوون یەکسەرکردبویانە چاڵەکەوە، ساڵح باسیکرد کەچوومە سەریان و ژماردومن 250 چاڵ بوون کە دەوری 498 کەسیان کوشتبوو وە تەنیا تەیمورو کچێکی بچوک مابوون، من تەیمورم هێناوەو کچەکەش ئەو ماڵە عەرەبەی کە هاتبوون ئێمە ئاژەڵەکانمان پێدابوون.

**واتا ماڵێکی تریش کچەکەیان بردووە؟**

بەڵێ ئەو وتی کچەکەیان لەگەڵ خۆیان بردوە .

**بەڕاستی شتێکی زۆر نوێیە!!!**

من ئێستا حەزم دەکرد ساڵح بمایە بۆئەوەی ئەم قسانەی منی پشتڕاست بکردایەتەوە.

**بەڵێ تەیموریش چۆتەوە سەر گۆڕەکان وە باسی دەکات لەو کتێبەدا بەڵام ئەو باسی ئەوە ناکات کە دوو دوو لە چاڵێکدابن. باسی کچێکیش دەکات کە بریندار بووەو پیی وتووە بابڕۆین ئەو نەیوێراوە، من بۆخۆشم پێشتر چاوپێکەوتنم لەگەڵ مەلایەکی خەڵکی خانەقیدا کردوە، ئەویش باسی ئەوە دەکات کە کچێکی لە نجدی شارێکی سعودیە بینیوە ئەویش هەمان چیرۆکی هەیە، باسی ئەوەی کرد کەهەندێک عەرەب لەسەر سنوری عیراق سعودیە کرین وفرۆشتنی ئاژەڵیان کردووە ئەوان ئەکچەیان هێناوە .**

بەڵێ دورنیە وەلا ڕەنگە ئەو بێت.

**بەڵام ساڵح باسی ئەوەی بۆ نەکردویت کە تەمەنی ئەو کچە چەندبووە؟**

بەتەواوەتی نا بەس ئەوەی ووت کە لەوانەیە ساڵێک بچوکتر یان گەورەتر بێت لە تەیمور.

**هیچ شتێکی تر هەیە بتەوێت بیڵێیت؟**

لەکۆتایدا داوا ئەکەم لەبەرپرسان کە یادکردنەوەی ئەنفال بەسادەیی وەرنەگرن چونکە یادکردنەوە وە ئەوەی شیعەیە کەیادی حەسەن و حسین دەکەنەوە کە دوو شەوو دوو ڕۆژ بەپێی ئەڕۆن و وە بەزنجیر لەخۆیان ئەیەن, بەڵام ئێمە تاوانێکی گەورەو یادێکی بچوک ئەکەینەوە .

## تۆپێت باشە چۆن یادی ئەنفال بکرێتەوە ؟

ڕاستی ئەوە یاد نییە ئێمە دەیکەینەوە، یادکردنەوە وەک شیعەکان دەبێت، کە دوو شەو دوو ڕۆژ پێشئەوە بەپێ دەڕۆن بەزنجیر لەخۆیان دەدەن . کورد گەورەترین تاوانی دەرهەق کراوەوسادەترین یادی دەکاتەوە .

**بەڵێ منیش هاڕام لەگەڵتدا، لەکتێبێکیشمدا کەتازە چاپکراوە، داوا دەکەم کە یادیکی جیاواز بکەینەوە بۆ نمونە لەو ڕۆژەدا گۆشت نەخورێت وە تەنانەت هیچ ئاژەڵێکیش سەرنەبڕێت.**

ئەوەش زۆر بەلای منەوە جوانە.

**کەواتە ئامادەی ئەو ڕۆژە پیادەی بکەیت ؟**

بەلێ ، بەلێ منیش داواکاریم ئەوەیە کە لەو ڕۆژەدا هەموو کەناڵە ڕاگەیاندنەکان دابخرێت و شاشەکانیان ڕەش بکەن.

**بەڵێ ئەو بیرۆکەیەی تۆ زۆر جوانە وە ئەگەر ئەوکتێبەم چاپ کردەوە بە ئیزنی تۆ ئەو بیرۆکەیەی تۆ بڵاو ئەکەمەوە ئەگەر ڕێگەم پێبدەیت.**

لەخزمەتتدام ڕێگە پێدراویت .

**دوا وتەت چییە ؟**

دەستخۆشیت لیدەکەم زەحمەتێکی زۆرت کیشا، دەتوانم بڵێم، ئەوەندی تۆ بۆ ئەم کەیسی ئەنفالە کردووتە، بە هەموو بەرپرسانی ئەم هەرێمە نیوئەوەندەی تۆیان نەکردووەو نەیانتوانیوە بەدوای ئەم کەیسەدا بڕۆن .

**منیش دەڵیم سوپاس بەڵام هەمیشە شتێک دەڵیم ئەسعەدێک لە سەروەختی ستەمکاری و توندوتیژی خۆیدا بتوننێت خۆی وباوکی بەدوای چارەنوسی منداڵێکی ئەنفالدا بڕۆن بۆ سەماوە، ئەی بۆمن نەتوانم لەم ئازادییەدا بەدوای سەرداوەکانی ئەنفالدا بڕۆم .**

ئەوەش ڕاستە لەشت ساغ بێت لە

**کۆتایدا ئەمەوێت لێتبپرسم کە تۆ ڕازیت ئەم چاوپێکەوتنە بڵاوبێتەوە ؟**

بەڵێ ڕازیم لە هەرکەناڵێک وهەرجێگەیەک بێت بڵاوی بکەرەوە.